

# بۆ یەکەمجار لە سۆران فوتساڵی کچان لە کێبڕکێی وەرزشی بەشدار دەبن

**دەڤەری سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر یەکێکە لەو ناوچە بەرفراوانانەی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیەکی زۆر لە کچان و کوڕانی ئەم دەڤەرە روو لە وەرزش دەکەن، بەڵام لە ناو سەنتەری شاری سۆران تاکو ئێستا کچان بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی فوتساڵی هیچ تیپێکیان نەبووە، ئەمساڵیش دەستەی کارگێڕیی یانەی سنووری قەزای سۆران دەیەوێت لە رێگەی کۆمەڵێك کچە یاریزانی خوێنگەرمی ناوچەکە، کێبڕکێی یانە گەورەکانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی یانەکە بتوانێ بە ئاست و ئەنجامی گەورە لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان بەدیار بکەوێ و پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێ، کچانی یانەکەش دەیانەوێ ببنە نوێنەری راستەقینەی قەزای سۆران، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان ئەم راپۆرتەی لەسەر ئامادەکارییەکانی یانەکە ئەنجام داوە و راهێنەر و یاریزانانی تیپەکەش قسەی خۆیان هەبوو.**

راپۆرتی: کارزان کانەبی



**هەڵاڵە فەیسەڵ سەرپەرشتیاری تیپی فوتساڵی یانەی سنوور، لەبارەی دامەزراندنی تیپەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «ئێمە کۆمەڵێ هاورێی وەرزشوان بووین بە یەکەوە و بە یەك ناو یاریمان دەکرد، دواتر بڕیارمان دا، گرووپەکەمان گەورەتر بکەین و بتوانین بە فەرمی بەشداریی خولەکانی ناوەوەی سۆران بکەین، ئێستاش کردمانە تیپێك لە سۆران، لە ماوەی دامەزراندنی تیپەکەمان لە دوو خول بەشدار بووین و ئەنجامی بەرچاومان بەدەست هێناوە، یاریزانەکانمان ئێستا حەز و خولیایان زیاتر بووە، دوای دەرچوونم بۆ کارگێڕیی یانەی سنوور، ئێستا بڕیارمان داوە لە خولی پلە یەکی فوتساڵی کوردستان لە وەرزی نوێ وەك تیپ بەشداری بکەین، بەرنامەشمان ئەوەیە بۆ ئەمساڵ کێبڕکێیەکی بەهێز بکەین و سەرکەوین بۆ خولی پلە نایابی فوتساڵی کوردستان، دەمانەوێ نوێنەری راستەقینەی شاری سۆران و دەڤەرەکە بین و هەموو کچانی وەرزشوانی شارەکەمان بێنە ناو یانەکەمان، تا بتوانین لە ئامادەباشیدا بین بۆ خولەکان»، لەبارەی گرفتەکانیش گوتی: « لە هەموو رووێکەوە کێشەوگرفتمان زۆرە، کێشەی هەرە گەورەی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی باشە بۆ یاریکردن و مەشقکردن، نەبوونی پاڵشتی دارایی لەم شارە ئەرکی ئێمەی قورستر کردووە، کێشەیەکی دیکە هەبوونی کولتووری رێگە نەدان بە کچانە بۆ وەرزشکردن و رێگرێکردن لە کچان تا ببنە وەرزشوان، هەرچەندە یاریزانی زۆر بەتوانا هەیە. بە هیوای ئەوەین ئەمساڵ بتوانین بەسەر کێشەکاندا زاڵ بین.»

**هێرش موحسین راهێنەری تیپی کچانی سنوور لە بارەی تیپەکەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «بیرۆکەی دروستکردنی ئەم تیپە بۆ کۆمەڵێ کچی وەرزشوان دەگەڕێتەوە کە لە دەوری یەکتر و بێ راهێنەر کۆ ببووینەوە، بەڵام دواتر بڕیارمان دا، تیپێکی بچووکی بەهێز دروست بکەین، ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ئەمساڵ بتوانین سەربکەوین بۆ خولی پلە نایابی کوردستان و یانەکە بەهێز بکەین، هیواداریشین هەموو وەرزشوانە کچەکانی دەڤەرەکەمان ببنە نوێنەری ئافرەتانی سۆران، لە خولی پلە یەکیش تاکە نوێنەری شاری سۆرانین، بەو هیوایەین دڵی هاندەرانمان خۆش بکەین.» ئەو راهێنەرە لە کۆتایی وتەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە نەبوونی یاریگا و خراپیی پاڵپشتیی دارایی گرفتی سەرەکیی تیپەکەیانە و خوازیاری ئاوڕلێدانەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە وەرزشی کچانی شارەکەیان بوو.

**نەسیم خەلیل، یاریزانی یانەی سنوورە و سەبارەت بە ئامانجی یانەکەیان دەڵێت:** «ئامانجی ئێمە وەکو یاریزان پیشاندانی ئەو توانا گەورەیەی کچانی شاری سۆران و بەرزکردنەوەی ئاستی فوتساڵی کچانە لە شارەکەمان، ئەگەرچی تا رادەیەك بێبەش بووین لە دەرخستنی تواناکانمان، بەڵام هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا سەرکەوین بۆ خولی نایاب، وەکو کچانیش بەردەوام دەبین تاکو گەیشتن بە لوتکە.»

ئەو یاریزانە نیگەرانیی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە بە هۆی نەریتی کۆمەڵگەوە «تا رادەیەك رێگری لە وەرزشکردنی کچان کراوە. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «سەرەڕای رێگرییەکان ئێمە هیچ کات کۆڵمان نەداوە و گەورەترین خاڵی بەهێزیشمان پشتگیریی خێزانەکانمانە کە تا رەزامەندیی ئەوان بەدەست نەهێنین، ناتوانین پێشانی دەوروبەرمان بدەن کە چەند توانامان هەیە بۆ وەرزش، ئێمەش وەکو کوڕان دەبێت مافی وەرزشکردنمان هەبێت، ئێستاش یانەی سنوور دەرگای بە رووماندا کردۆتەوە، تا بتوانین بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین.»

**رێژنە محەممەد یاریزانی فوتساڵی یانەی سنوور باسی ئەوە دەکات** کە «ئامانجی سەرەکی لە پێکهێنانی ئەم یانەیە بەدیهێنانی خەونی ئەو کچانەیە کە خولیایی وەرزشیان هەیە». هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە بە چەندین هۆکار رێگری لە بەدیهێنانی خەونەکانی کچان لە بواری وەرزش و گرینگیدان بە لێهاتوویی جەستەیان کراوە.» گوتیشی: «بەهرەی ئەم کچانە لەم وەرزشە کۆبۆتەوە و دەمانەوێ بە هەموو چین و توێژێکی دەڤەرەکە رابگەیێنین، بەتایبەتی کچان کە بەدەستهێنانی خەونەکان هەرگیز مەحاڵ نییە، تەنیا هەوڵدان وپشتگیریکردنی یەکتر پێویستە.»



# نەورۆز یاریزانێکی پێشووی سووریای کردە ڕاهێنەر

تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز سەرەڕای ئەوەی ئەم وەرزە بە شێوەیەکی تۆکمە بەهیوای بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە خۆی بۆ خولەکە ئامادەکردبوو، بەڵام پرسیار ڕەزای ڕاهێنەری یانەکە دوای ئەنجامدانی پێنج جەولە لە خولەکە نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێك بۆ یانەکەی تۆماربکات، بۆیە لە دوای ئەنجامدانی دوایین یاری نەیتوانی سەرکەوتن لەسەر یاریگای خۆی تۆماربکات و، لە کۆی ئەنجامدانی چوار یاری تەنیا دوو خاڵی بەدەستهێنا، بڕیاری وازهێنانی لەمەشقی یانەکە دا، بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە شوێنی پڕ بکاتەوە، لەدوای قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی پرسیار ڕەزا، هەریەك لە جێگر عەبدوڵا سەرپەرشتیاری تیپەکە و ئەندامی کارگێڕیی یانەکە و مەریوان محەمەد ڕاهێنەری گۆڵپارێزیش دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز دوای کۆبوونەوەی ئاسایی کارگێڕیی یانەکە، وازهێنانی ستافی ڕاهێنەرانی پەسند کردو لە شوێنی ئەوانیش یانەکە بڕیاریان دا بە دەستبەکاربوونی یونس سلێمان یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی سووریا و ڕاهێنەری پێشووی یانەی کۆیە، کە خەڵکی حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستانە و ماوەی پێنج وەرز لەگەڵ هەڵبژاردەی سووریا یاریی کردووە و لەگەڵ یانەی کۆیەش ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوەو تەنانەت نزیك بووە لەوەی کە تیپەکەی بۆ خولی نایابی کوردستان سەربخات.

یانەی نەورۆز ئەمساڵ خاوەنی پێکهاتەیەکی تۆکمە و بەهێزە و چەندین یاریزانی بەتوانا لە یانەکە یاری دەکەن، یانەکەش چاوی لەوەیە کە ئەنجامی شایستە لەم وەرزە دەستەبەر بکات و ئومێدی زۆریشی بەو یاریزانانەی هەیە، کە بتوانن کێبڕکێی ئەنجامی گەورە بکەن و ببنە یانەیەکی دیار لە خولی نایابی کوردستان.

# گۆڵپارێزانی هەولێر بۆ خولی عێراق ئامادەن

دوای وەستانی خولی نایابی یانەکانی عێراق بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، یەکێتیی تۆپی پێی عێراقیش بڕیاری وەستاندنی خولەکەی داوە بۆ کاتێکی نادیار، یانەی هەولێریش کە ماوەیەکە گرێبەستی لەگەڵ (ڕادان)ی ڕاهێنەری کرواتی مۆرکردووە، بەردەوامە لە مەشق و ئامادەکارییەکانی، یانەی هەولێریش تەکنیك و پلانەکانی ڕاهێنەری لە هەموو هێڵەکان دەست پێ کردووە، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تائێستا بەڕێوەچوونی خولەکە دیار نییە، وەکو ئامادەکارییش، ئێمە وەکو ستافی گۆڵپارێز و یاریزانانی دیکەی یانەکە، لە مەشقەکانمان بەردەوامین، بەڵام یارییە دۆستانەکان بۆ ئەوەیە کە هەڵەی یارییەکانی ڕابردوومان چاك بکەینەوە، ئێستاش مەشقەکانمان لەوەدا چڕ کردۆتەوە کە تەکنیکی ڕادان پێویستی پێیە و لە گۆڵپارێزەوە دەست پێ دەکات، ئێمەش دەمانەوێ جێبەجێی بکەین.» گوتیشی: «جارێ ماوەیەتی سەرۆك یانەکان کۆبوونەوە لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی خولەکە بکەن، تا ئێستاش هەریەك لە گۆڵپارێزان (ڕێباز عوسمان و دلێر حاتەم و عەبدوڵای گۆڵپارێزی





# شەقڵاوە ئامادەیە بۆ خولی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە کە ئەمساڵ لە خولی پلە یەکی کوردستان کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و دەستەبەرکردنی پلێتی خولی نایابی کوردستان دەکات، بۆ ئەم وەرزەش یانەکە لەگەڵ کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانا گرێبەستی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، مامۆستا عەبدولقادر-یش وەکو راهێنەری یانەکە دەست بەکار بووە و ئامادەکارییەکانی بەردەوامە. لە لای خۆیەوە راهێنەری گۆڵپارێزی یانەکە (سەفین حەمەد ئەمین) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەکەمان لە ئامادەکارییەکان بەردەوامە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، لە یانەکە هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە و دەستەی کارگێڕیی یانەکە و یاریزانان هاوکاری باشن، بۆ ئەوەی بە هەموومانەوە بتوانین ئەنجامی باش لە خولەکە بەدەست بهێنین.» گوتیشی: «ئەوەی لە توانامانـدا بێت بۆ خزمەتکردن بەو یانەیە و ئەم شارە دەیکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، ئامانجیشمان خولە گەورەکەیە و سەرجەم یاریزانانیش بەردەوامن لە مەشقەکانیان، رۆژانە کۆبوونەوەمان لەگەڵ یاریزانان و سەرۆکی یانەکە هەیە و کارگێڕیی یانەکەش بەڵێنی هاوکاریی تەواویان داوە، کۆمەڵێک یاریزانی لاوی بەتواناشمان لەگەڵدایە کە دەتوانین بەم یاریزانانە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین».



خولی کوردستان) لە مەشقەکانیان بەردەوامن و ئاستیان وەکو پێویستە و توانیومانە هەڵەکان چارەسەر بکەین».

# میسی شوێنگەرەوەی خۆی دەستنیشان کرد



سەرچاوەیەکی راگەیاندنی نزیك لە یانەی بەرشلۆنە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لیۆنێل میسی داوای لە نێیمار کردووە بۆ شوێنگرەوەی خۆی بگەڕێتەوە بەرشلۆنە.

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە، کە لیۆنێل میسی کاپتنی بەرشلۆنە پەیوەندی بە نێیمار کردووە و داوای لێکردووە لە کۆتایی ئەم وەرزە بۆ بەرشلۆنە بگەڕێتەوە.

مێسی تەمەن ٣٢ ساڵ داوای لە نێیمار ٢٧ ساڵان کردووە بۆ ئەوەی لە دوو ساڵی داهاتوو نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ببەنەوە بگەڕێتەوە بەرشلۆنە پاشان خۆی بۆ شوێنگرەوەی ئامادە بکات.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو مێسی بە نێیماری هاوڕێی راگەیاندووە ، کە دوای دوو ساڵی دیکە لەوانەیە بەرشلۆنە جێبهێڵێت و دەتوانێت ببێتە جێنشینی ئەو و رکابەری لەسەر نازناوە تاکەکەسی و بە کۆمەڵەکان بکات.

لە لایەکی دیکەیشەوە، رۆژنامەکە ئەوەشی نووسیوە، کە لە ژووری جلگۆڕینی یاریزانانی بەرشلۆنە گفتووگۆ لە بارەی گەڕانەوەی نێیمار لە کۆتایی ئەم هاوینە کراوە.

## هازارد ئامادە نییە خۆی بە رۆناڵدۆوە سەرقاڵ بکات



ئەستێرەی بەلژیکا و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئیدین هازارد رایگەیاند ئەو هیچ گوشارێکی لەسەرنییە لەبەرئەوەی درێسی کریستیانۆ رۆناڵدۆی لەبەرکردووە.

هازارد لە بارەی ئەوەی، کە وەرگرتنی درێسی کریستیانۆ رۆناڵدۆ تا چەند گوشاری لەسەر دروستکردووە، گوتی: هیچ گوشارێکم لەسەر نییە، من لێرەم بۆ ئەوەی شوێنی ئەو بگرمەوە.

ئیدین هازارد تاوەکو ئێستا لە ١٢ یاری فەرمیدا لە سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکاندا تەنیا یەك گۆڵی بۆ ریال مەدرید تۆمارکردووە، لە کاتێکدا رۆناڵدۆ بەر لەوەی لە هاوینی ٢٠١٨ بچێتە ریزەکانی یانەی یوڤانتوسی ئیتالی ٤٥٠ گۆڵی بۆ ریال مەدرید تۆمارکرد.

هازارد، کە درێسی ژمارە ٧ی ریال مەدریدی وەرگرتووە، لە لێدوانەکانیدا بۆ رۆژنامەی لۆپارێزیانی فەرەنسی، گوتی: کاتێك یاری بۆ ریال مەدرید دەکەم هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە هەمان شوێنی من یاری کردووە، یاخود هەر شتێکی دیکە، کە پەیوەندی بە بەراوردی نێوان من و ئەوەوە هەبێت، من خۆم بەو شتانەوە سەرقاڵ ناکەم.

ئەستێرەی بەلژیکی هەروەها گوتی: زۆر کەس باسی بەراوردی نێوان من و رۆناڵدۆ دەکەن، بەڵام من خۆم بەو شتانەوە سەرقاڵ ناکەم، ئەوەی من لێی دڵنیام ئەوەیە کە ناتوانم هێندەی رۆناڵدۆ گۆڵ بۆ ریال مەدرید بکەم.

هازارد گوتیشی: دەمزانی لەگەڵ ریال مەدرید مەدرید رووبەڕووی گوشار دەبمەوە و زیاتر لە چێلسی تیشك و سەرنجەکانم دەکەونە سەر.



## یۆرگن کلوپ باشترینی جیهان دەستنیشان دەکات



یۆرگن کلۆپ راهێنەری یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی لیۆنێل میسی وەک باشترین یاریزانی مێژوو ناو دەبات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڤێرجیل ڤان دایکی بەرگریکاری هۆڵەندی یانەکەی بە شایستەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ئەمساڵ دەزانێت.

یۆرگن کلۆپ لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەگەر بریار بێت خەڵاتی باڵۆن دۆر بە باشترین یاریزان بدرێت، ئەوا هیچ گومانێکی تێدانیە لیۆنێل مێسی باشترین یاریزانە و پێویستە خەڵاتەکەی پێ بدرێت، بەڵام ئەگەر بریاریشە بدرێت بە یاریزانێک، کە لە رووی ئاست و ئەنجامەوە کاری باشی کردبێت، ئەوا ئەو کات قسەیەکی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە کەس لە ڤێرجیل ڤان دایک شایستەتر نیە.

کلۆپ گوتیشی: من نازانم لەسەر چ پێوەرێک ئەو خەڵاتە بە یاریزانەکان دەدرێت، بەڵام ئەوەی من ئاگادارم ئەوەیە، کە ئەمساڵ بەرگریکارەکەمان دەبێتە خاوەنی ئەم خەڵاتە.

کلۆپ دەشڵێت: ئەگەر لێم بپرسن باشترین یاریزانی مێژوو کێیە، ئەوا یەکسەر بەبێ دوو دڵی دەڵێم لیۆنێل مێسی، بەڵام ئەگەر پێم بڵێن باشترین یاریزانی وەرزی رابردوو کێیە، ئەو کات دەڵێم ڤێرجیل ڤان دایک.